
# گولێکی هەردەم گەشاوە لە دیوانی  شاعیر کورد دەشتی دا

## غەریب و دڵ حەزینم

دەشتی

غـەریب و دل حەزینم  شــــینە بۆ من جەژنی  قوربانم
قوڕی  سەربان بەبانی سەر بکەم  بۆ  جەژنی  قــوربانــم

هەمووکەس ئیمرۆ وادەستی حەبیبی خۆی لە دەست دایە
وەلی من بێکەسم  بۆیە  شـەیابی  غـەم  لە  دەســتانم

هەموو عـالـەم  کراسی غەم  دەسوتێـنی  بەکەیفی دڵ
منی پڕغـەم  بەعەشقی  دڵ خەریکی  سینە  سـوتانم

لە گـفت و گـۆیی  ئەحبابم  بەجارێ بێ  خەبـــەر ماوم
لە  کونـجی  میحنەتا مەســـتی  فیراقی  چاوی  یارانم

لە باتی  جـەژنە  پیرۆزە  دلم  کەیفی  لـە  گـــــریانا
لە بەر دووری  لەباب و داک و  هـــەم  یار و ڕە فیقـانم

وەلێ هەرخوا بەخۆی  کـاری  عیبادی  خۆی  دەزانێـتن
وەکو ئیبـنـول ڕەوەندی  بـا  نەکەم  تەنقیسـی  ئیـمانم

بە دەشتی  قەت مەلین  بۆچـی  قسوورت  کرد لەگـریانا
قسورم  خـۆ نەکرد  خوێنی  بەدەن  چک بوو  لـەچاوانم

دیوانی دەشتی  پڕیەتی لە هۆنراوەی جوانی سوتان و غوربەت و پێدا هەلگوتن و نیشتمانی،دەشتی کە لە سەرەتای ژیانیەوە بێ دایکی و نەبوونی وەلاتێکی سەربەخۆ و ئازاد لە ناو دەروونی دا هەمیشە ڕەنج و ئازاری داوە بۆیەکە دەبینین کە زۆربەی شیعرەکانی بابەتی سوتان و هەست کردن بە غوربەت و ڕەنج و ئازارو میحنەتەکانی ژیانە، ئەم هۆنراوەیەی دەشتی هێمای ژیانی سوتانی دڵی دەشتی ئەو شاعیرە مەزنەیەیە کە چۆنیەتی ژیان و بەسەرهاتەکانی پڕ لە مەینەت و ئازاری  ئەو شاعیرە مەزنە کوردە دەردەخات.

**ئاماد کردن و نوسینی  ئەحمەد دەشتی**